عراق ماتمینی گشتی لە تواوی وڵاتەکەدا ڕادەگەیەنێت دوای گیان لەدەستدانی حەسەن نەسرولڵا

حکومەتی عەراق ماتمینی گشتی بە سێ ڕۆژ لە تواوی وڵاتەکەدا ڕادەگەیەنێت، بەهۆی گیان لەدەستدانی حەسەن نەسرولڵا، ئەمینداری گشتی حیزبوڵڵای لوبنان.

لە بەیاننامەیەکی حیزبوڵڵای لوبنان کە دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ شەممە (28ـی ئەیلولی 2024) بڵاوکرایەوە هاتووە: "حەسەن نەسرولڵا سەرکردەی بەرخۆدان شەهید بوو"، ئەمەش دوای زنجیرە هێرشەکانی ئیسرائیل بە سەر پایتەختی لوبنان بەیروت کە تێیدا دەیان کەس گیانیان لەدەستدا و لەو هێرشانەدا، حەسەن نەسرولڵا ئەمینداری گشتی حیزبوڵڵای لوبنان کوژرا.